NORTH DAKOTA
DEPARTMENT *of* HEALTH

## ئەنسراكس ( لاڕەشە)

ئەنسراکس ( لاڕەشە) نەخۆشیەکی کوشندەی گیرەوەیە ( درمیە) کە بەهۆی بەکتریای دروستکەری سپۆڕ پەیدا دەبێت ( *Bacillus anthracic*). نەخۆشی ئەنسراکس بەشێوەیەکی ئاسایی زۆر تووشی گیانلەبەرە شیردەرە سمدارەکان دەبێت بەلاَم تووشی مرۆڤیش دەبێت .

## نیشانەکان

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە جیاواز دەبێت بەگوێرەی شێوە و ڕێگەی گرتنەوە و تووش بوون بەم نەخۆشیە بەلاَم بە شێوەیەکی ئاسایی نیشانەکان لە ماوەی حەوت ڕۆژ لەدوای بەرکەوتن بەم نەخۆشیە بەدیار دەکەوێت. شێوە ترسناکەکانی ئەم نەخۆشیە کە تووشی مرۆڤ دەبێت بریتیە لە ئەنسراکس بەهۆی هەڵمژین ، ئەنسراکس لە ڕێگەی پێست و ئەنسراکس لە ڕێگەی ڕیخۆڵە.

## تووش بوون

لەوانەیە نەخۆشی ئەنسراکسی ڕیخۆڵە پەیدا بێت دوای بەکارهێنانی خۆراکی پیس بوو وە نیشانەکانی لە شێوەی هەوکردنی زۆری کۆئەندامی ڕیخۆڵە بەدیار دەکەوێت . نیشانە سەرەتایەکانی ئەم جۆرە تووش بوونە کە بریتین لە دڵ هەڵچوون و لەدەست دانی ئارەزووی خواردن و ڕشانەوە پەیدا دەبێت لەدوای ئازاری سك و خوێن ڕشانەوە و سك چوونێکی زۆر .

لەوانەیە نیشانە سەرەتایەکانی ئەنسراکس بەهۆی هەڵمژین لەشێوەی سەرما بوونێکی ئاسایی بچێت . لەوانەیە دوای حەوت ڕۆژ نیشانەکان پەرەبسێنێت بۆ هەناسە تەنگی و شۆك. زۆر جار ئەنسراکس بەهۆی هەڵمژین دەبێتە هۆی مردن.

بلاَوبوونەوەی نەخۆشی ئەنسراکس لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر زۆر بەکەمی ڕوودەدات ، وەلەوانەیە هەرگیز ڕوو نەدات. بۆیە پێویست ناکات خۆت بپارێزیت وەیان چارەسەری شوێنی بەرکەوتن بکەیت لەگەڵ ئەم کەسانە کەوا تووشی ئەنسراکس بوونە – وەکو ئەندامانی خێزان و دۆست و هاوکارەکان – مەگەر بەهەمان شێوە ئەوانیش بەر هەمان سەرچاوەی تووشبوونەکە کەووتبن.

## چارەسەر کردن

دەکرێت ئەم کەسانەی کەوا بەر ئەنسراکس کەوتوون تووشی ئەم نەخۆشیە نەبن بەهۆی بەکار هێنانی چارەسەری زیندە کوژ ( ئەنتیبایۆتیك). زوو چارەسەر کردن بە زیندە کوژ ( ئەنتیبایۆتیك) بۆ نەخۆشی ئەنسراکس پێویستە – دواخستن دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی هەڵی مانەوە لە ژیان. بەشێوەیەکی ئاسایی ئەنسراکس بەرهەڵستی بەنسلین و دۆکسیسایکلین و فلۆرۆکیونۆلۆنۆس ناکات.

## كوتان \چارەسەر كردن دژی نەخۆشی

هەروەها ڤاکسینێکی ( کوتان) تایبەت بە ئەنسراکس دەتوانێت ڕێگە لەتووش بوون بگرێت . بەباش نازانرێت کوتان دژی ئەنسراکس بۆ خەڵك بەکار بهێنرێت وە دەستیش ناکەوێت .

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە بەشی تەندروستی باکووری داکۆتا (North Dakota Department of Health ) بە ژمارە 701.328.2378 .**